# بڕیاری داخستنی دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق دانیشتوانی دەڤەری پشدەر نیگەران دەکات

سێ شەممە, 07 حوزەیران 2011 00:58



سەرچاوە، سبەی:

ئەمڕۆ (دوشەممە) قایمقامی قەزای پشدەر و ناوەندی داکۆکیکردن لە زیانلێکەوتوانی پشدەر گۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیان سازکرد لەدژی بڕیاری داخستنی دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق کە لە رابردودا ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق رەزامەندی لەوبارەیەوە دەربڕی و بۆ ئەو مەبەستەش بەیاننامەیەك بە هەردو زمانی کوردی و عەرەبی بڵاوکرایەوە و ئاماژ بەوەشکرا کە ئەگەر هیچ وەڵامێکیان دەست نەکەوت، ئەوا لە داهاتودا هەڵوێستی دیکە دەگرنەبەر.

رژێمی بەعس لەسەردەمی دەسەڵاتی خۆیدا چەندین تاوانی گەورەی دژی خەڵکی عێراق بەگشتی و گەلی کورد بەتایبەتی ئەنجامدا، لەو چوارچێوەیەشدا رۆژی 1974/4/24 بەچەکی قەدەغەکراوی ناپاڵم بۆردومانی شاری قەڵادزێی کرد کە لەوکاتەدا زانکۆی سلێمانی لەو شارە بو، بەو هۆیەشەوە 147 کەس شەهید بون و بەشدان هاوڵاتی دیکەش بریندار بون.

حەسەن عەبدوڵا قایمقامی پشدەر لەلێدوانێکی رۆژنامەوانیدا رایگەیاند: بەهۆی ئەوەی لە سەردەمی رژێمی بەعسدا دەڤەری پشدەر راگوێزراوە، ئەوەش دەچێتە چوارچێوەی تاوانی جینۆساید کە دەرهەق بە خەڵکی ئەم دەڤەرە کراوە، لەماوەی رابردوشدا بەهەوڵی کۆمەڵێك کەسی خۆبەخش توانرا ئەمە بکرێتە کەیسێك و لەدادگای باڵای تاوانەکانی عێراق کاری لەسەر بکرێت.

قایمقامی قەزای پشدەر ئاماژەی بەوەشکرد کە لە رابردودا چەندین شەیاتحاڵ لەو دۆسیەیەدا ئیفادەیان لێوەرگیراوە و تەنها ئەوە ماوە ئیفادە لە تاوانباران وەربگیرێت، کە ئەوانیش بریتین لە (فەرحان موتڵەگ جبوری و سوڵتان هاشم و سابر ئەلدوری) و لە ئێستادا لەلایەن هێزەکانی ئەمەریکاوە دەستبەسەر کراون.

پاش روخانی رژێمی بەعس لەلایەن، ئەنجومەنی کاتی حوکم لە عێراق بڕیاری ژمارەی (1)ی لە رێکەوتی 2003/12/10 دا دەرکرد و بەپێی ئەو بڕیارەش دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق دامەزرا، بەوهۆیەوە چەندین تاوانبار لەو دادگایە بەسزا گەیەنران و بەشێك لەو تاوانبارنەی کەدەستیان هەبو لە کوشتن و خاپورکردنی هەزاران گوند و شارۆچکە و بەتایبەت راگواستنی 1989/6/26ی دەڤەری پشدەر، بە سزا گەیەنران، بەڵام چەند کەسێك لەو تاوانبارانە تاوەکو ئێستا بەسزای یاسایی نەگەیشتون و لەئێستاشدا بەهۆی رێککەوتنی سیاسییەوە هەوڵی داخستنی ئەو دادگایە دەدرێت.

حەسەن عەبدوڵا وتیشی: هەمو هەوڵەکانی خۆمان دەخەینەگەڕ لەپێناوی ئەوەی کە ئەو دادگایە دانەخرێت تاوەکو سەرجەم تۆمەتباران بە سزای یاسایی خۆیان دەگەن، ئەگەر پێویستیشی کرد ئەوا ئێمە دەچینە بەردەم پەرلەمانی عێراق و ماندەگرین، هەربۆیە داوا لە سەرجەم لایەنە پەیوەندیدارەکانی کوردستان و ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق دەکەین کە ئەم هەوڵە پەك بخەن.

جێی ئاماژەیە رۆژی 2011/5/4 ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق رەزامەندی پیشاندا لەبارەی داخستنی دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق بەهۆکاری ئەوەی کە نەفەقاتی ئەو دادگایە زۆرە.

هەر لەو بارەیەوە پارێزەر جەلال قادر ئەندامی دەستەی داکۆکیکار لەزیانلێکەوتوانی قەڵادزێ رایگەیاند: ئێمە نارەزایی خۆمان دەردەبرین دژی ئەو بریارەی کە دراوە بۆ داخستنی دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق.

وتیشی: ئێمە چاوەروان بوین ئەو دادگایە چاو بەو دۆسیەی ئەو تاوانە گەورانەدا بخشێنێتەوە کە دژ بە خەڵکی دەڤەری پشدەر کراون، وەك بۆردومانی شاری قەڵادزێ و راگواستنی دانیشتوانەکەی، بەڵام بریای داخستنی ئەو داگایە بریارێکی سیاسییە و هەوڵێکە بۆ رازیکردنی لایەنە شۆڤێنییەکان.

وتیشی: ئەو بریارەی ئەنجومەنی نوێنەران بۆ داخستنی دادگای باڵای تاوانەکان، پێچەوانەی مادەی 134ی دەستوری عێراقە کە ئاماژە بەوە دەکات پێویستە کارەکانی ئەو دادگایە بەردەوام بێت تا کۆتایهاتنی ئەرکەکانی، هەروەها ئیحالەکردنی ئەو دۆسیانە بۆ دادگای ئاسایی پێمان وایە کەمکردنەوەیە لە بەها و گەورەیی تاوانەکە و بۆ رزگارکردنی کۆمەڵێك تاوانبارە، ئەوە بە هەوڵێکی شۆڤێنیانەی دەزانین بۆ ئەوەی کۆمەڵێك لەو تاوانبارانەی کەتاوانی گەورەیان کردوە دژی گەلی کورد بەسزای یاسایی نەگەن، بۆیە ئێمە ئەمرۆ هاتوین بۆ قایمقامیەت بۆ ئەوەی لایەنی پەیوەندیدار ئاگادار بکەینەوە و پشتگیریی زیاتر کۆبکەینەوە، هەر بۆ ئەو مەبەستەش بەیاننامەیەکمان بە هەردو زمانی کوردی و عەرەبی بڵاوکردەوە، ئەگەر ئەم بەیاننامەیەش هیچ کاردانەوەی نەبو بەدڵنیاییەوە بیر لەهەڵوێستی دیکە دەکەینەوە.

محەمەد عوسمان

[http://www.qaladze.info/index.php?option=com_content&view=article&id=372:2011-06-07-01-01-27&catid=35:hawal&Itemid=49](http://www.qaladze.info/index.php?option=com_content&view=article&id=372:2011-06-07-01-01-27&catid=35:hawal&Itemid=49)